**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلــەوە**
**سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان - عیراق**

پـشــت بـەو یاســـایــەی ئەنجومــەنی نیـشتمانیی كوردسـتان– عـیراق دایـنـاوەو بـەپێی حوكمی مادە دە/یەكەم لە یاسای ژمارە (١)ی سـاڵی ٢٠٠٥، یاسـای سـەرۆكایەتی هـەرێمی كوردســـــتان– عێراق، ئەم یاسایەمان دەرچـوانـد:

## یاسای ژمــارە (١٠)ی ساڵی / ٢٠٠٦
## یاسای وەزارەتی ژینگــەی هەرێمی كوردستان ـ عیراق

**ماددەی یەكەم :**

مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە واتاكانی بەرامبەریانە بۆ مەستەكانی ئەم یاسایە :

**یەكەم:** هەرێم : هەرێمی كوردستان– عیراق .
**دووەم:** وەزارەت : وەزارەتی ژینگە.
**سێیەم:** وەزیر : وەزیری ژینگە.
**چوارەم:** بریكاری وەزارەت : بریكاری وەزارەتی ژینگە.
**پێنجەم:** ئەنجومەن : ئەنجومەنی پاراستن وچاكردنی ژینگە لە هەرێمی كوردستان دا.
**شەشـەم:** ئەنجومەنی پارێزگا : ئەنجومەنی پاراستن وچاكردنی ژینگە لە پارێزگادا .

**ماددەی دووەم :**

وەزارەت ئەم ئەرك وفرمانانەی خوارەوە پیادە:

**یەكەم:** پێشنیازكردنی سیاسەتی گشتی بۆ پاراستنی ژینگە لـە پیـسبوون و كـاری چاكتر كردنی چۆنایەتیی ژینگە وخستنەرووی بۆ بەردەم ئەنجومەنی وەزیـران بـۆ پەسند كردن

.**دووەم:** دەرهێنانی رێنمایی تایبەت بە دەستنیشانكردن و بەنـدو بەسـتی(ضـوابط) پیسكەرەكانی ژینگەو، چاودێریكردنی سەلامەتی بەجێهێنانیان.

**سێیەم:** پلانداناانی ساڵانە و مامناوەنـدو دوورخایـەن بـۆ پاراسـتن و چـاكتر كردنـی ژینگە .

**چـوارەم:** هاوكـاری و هەماهـەنگی لـە نێـوان وەزارەتـەكان و ئـەو لایەنانەشـدا كـە پەیوەستی پاراستنی ژینگەن .

ئـــــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كـــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**پێنجەم:** پابەندبوونی هەرێمی بەو ڕێکەوتنامەو پەیماننامەو پرۆتۆکۆلانەی لە لایەن حکومەتی فیدراڵییەوە پەسەندکراوە.

**شەشەم:** بە دواواچوونی سەلامەتی ژینگە لەمیانەی ئەنجامدانی پشکنینی پەیوەست بە پیسکەرەکانی ژینگەو ئەو فاکتەرانەی کاریگەریان هەیە لەسەر سەلامەتی ژینگە بە هەمەهانگی لەگەڵ وەزارەت ولایەنە پەیوەندیدارەکان و دەرکردنی ڕێنمایی تایبەت بە دیارکەرو بەندوبەست(چوابگ)ی پیسکەرەکانی ژینگەو چاودێری کردنی سەلامەتی جێبەجێکردنی.

**حەوتەم:** ئەنجامدانی رووپێویە ژینگەییەکان بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە.

**هەشتەم:** لابردن و چارەسەر کردنی ئاسەواری چەکی کیمیایی ،بەهاوکاری لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە بۆ پاککردنەوەی کێڵگەکانی مین و پاشماوەی چەك و جبەخانەو ئەومادانەی کە بوونەتە هۆی پیس بوونی ژینگە .

**نۆیەم:** هاندانی ئامادەکردن و بڵاوکردنەوەو توێژینەوە و لێکۆلینەوەی تایبەت بە پاراستن و چاککردنی ژینگە .

**.دەیەم:** هەماهەنگی و هاوکاری لەگەڵ دەزگاکانی وەزارەتی فێرکردنی باڵاوتوێژینەوەی زانستی و وەزارەتەکانی دیکەدا ، بەمەبەستی هاوکاری و توێژینەوە و لێکۆڵینەوە ژینگەییەکان ، دامەزراندنی ناوەندی توێژینەوەی ژینگەیی لە وەزارەتەکەدا بەتایبەتیش لێکۆڵینەوەی تایبەت بەبەکار هێنانی چەکە کیمیاویەکان لە کوردستان.

**یازدەم:** کار بۆ بڵاوکردنەوەی وشیاری و ڕۆشنبیری ژینگەیی و وەگەرخستنی رۆڵی کۆمەڵگای مەدەنی لەم بوارەدا ، وێرای بونیادنانی توانستەکانی مرۆڤ لە رێگەی بەرپاکردنی کۆرو خولی راهێنانی تایبەت بە پاراستنی ژینگەو هاندانیان.

**دوازدەم:** لێکۆڵینەوەو بەدواداچوونی راپۆرتەکان بۆ هەڵسەنگاندنی کاریگەری ژینگەیی ، کە لایەنە بەرپرسەکان پێشکەشیان دەکەن لەمەر ئەو پرۆژانەی کە دادەمەزرێن و ئەوانەی ئێستا دامەزراون بۆ پەسەند کردنیان یان رەتکردنەوەیان لە ماوەیەکی گونجاودا – لەو رۆژەوە کە پێشکەش بە وەزارەت دەکرێن بەهەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان.

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

**سیازدەم:** کار کردن بۆ پاراستنی سروشت وجوانیەکانی و دروست کردنی پاوانگـەی سروشتی بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتەکان و لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە .

**چواردەم:** گرتنە بەری شێوازی پێویست بۆپاراستنی مرۆڤ و ژینگە لە مەترسیەکانی تیشکاوەری زیان بەخش و ئالودەگی ژینگەیی .

**پازدەم:** پـشت بەسـتن بـە نووسـینگەو تاقیگـەو لایەنـە راوێژکاریـەکان بـۆ ئامـادە کردنی راپۆرتـەکانی خەملانـدنی کاریگـەری ژینگـەیی و ئەنجامـدانی لێکۆلینـەوەو شـیکاری و پێوانـەکان لـە بوارەکـانی پاراسـتنی ژینگـە بـەپێ ی ئـەو مەرجانـەی وەزارەت دیاریان دەکات وئەمەش بە رێنمایی دەردەچێت.

**شازدەم:**دانانی بنەماکانی سەلامەتی بۆ چارەسەرکردنی پاشماوە و زبڵ و خاشاك و ماددەی زیانبەخش و ترسناك.

**ماددەی سێ یەم:**

**یەکەم:** وەزیر: سەرۆکی باڵاو ، بەرپرسی ئیش وکارو ئاراستەکردنی سیاسـەت وسەرپەرشتیکردن و چاودێری کردنی وەزارەتەکەیەو، هەموو بڕیـارو فـەرمان ورێنماییگـەلێکیش پێوەنـدییان بـە ئـەرکوفرمان و پێکهاتـەو سـەلاحییات و کاروباری دیکەی هونەری ودارایی وئیداری ورێکخستنی وەزارەتەکەوە هەیـە، بەپێی حوکمەکانی یاسا، لەوەزیرەوە دەردەچـێ وسەرپەرشـتی جـێ بـەجێ کردنـی ئـیش دەکـات و وەزیـر لەبـەردەمی ئەنجومـەنی وەزیرانـدا بەرپرسـە، چونکە خۆیشی ئەندامێکی هاوکاری ئەنجومەنەکەیە و بۆی هەیـە هەنـدێك لـە دەسەلاتەکانی بسپێرێت بە بریکاری وەزارەت وبەڕێوەبەرە گشتی یـە کـان و یان ئەو کەسانەی کە بە شیاویان دەزانێت .

**دووەم:** بریکـاری وەزارەت: لـە چـوار چـێوەی ئـەو دەسـترۆیيانەی کـە پێـی دەسپێردریٚ لەلایەن وەزیرەوە وە مەرجەخاوەن بڕوانامەیەکی بـەرایی زانکۆ بێـت یاریـدەی وەزیـر دەدات ، لـە ئاراسـتەکردنی وەزارەت و سەرپەرشـتی کردنی کاروباریدا.

**سێیەم:** نووسـینگەی وەزیـر: فەرمانبـەرێك سـەرۆکایەتی دەکـات وبـەڕێوەی دەبـات بەپلـەی بەڕێوەبـەر،خاوەن بڕوانامەیـەکی بـەرایی زانکـۆیی بـێ و ژمارەیەك فەرمانبەریش یاریدەی دەدەن.

ئـــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

**چـوارەم:** نووسـینگەی بریکـاری وەزارەت: فەرمانبـەرێك سـەرۆکایەتی دەکـات بەڕێوەی دەبا بەپلەی بەڕێوەبەر، خاوەن بڕوانامەیەکی بەرایی زانکۆیی بێ و ، ژمارەیەك فرمانبەریش هاوکاری دەکەن .

**پێنجـەم:** راوێـژکارەکان: ژمارەیـان لـە چـوار کـەس زێـتر نـابێ و، مەرجیـشە خاوەن بڕوانامەی زانکۆیی وپسپۆر بێت.

**شەشـەم:** بەڕێوەبەرایـەتی گـشتی کاروبـاری ئیـداری ودارایـی: بەڕێوەبـەرێکی گـشتی سـەرۆکایەتی دەکـاو بـەڕێوەی دەبا،خـاوەن بڕوانامەیـەکی بـەرایی زانکۆیی و پسپۆر و بێت.

**حەوتـــەم:** بەڕێوەبەرایـــەتی گـــشتی پاراســـتنی ژینگەو،ووشـــیارکردنەوەو ڕاگەیانـدنی ژینگـەیی: بەڕێوەبـەرێکی گـشتی سـەرۆکایەتی دەکـاو بـەڕێوەی دەبا،خاوەن بڕوانامەیەکی بەرایی زانکۆیی بێت ولە ڕاگەیاندندا شارەزابێ.

**هەشـــتەم:** بەڕێوەبەرایـــەتی گـشتی کاروبـاری هونـەری وخـۆ پاراسـتن لـە تیشکاوەری: بەڕێوەبەرێکی گشتی سەرۆکایەتی دەکاو بەڕێوەی دەبا،خاوەن بڕوانامەیەکی بەرایی زانکۆیی بێت وپسپۆرو شارەزاش بێت.

**ماددەی چوارەم :**

ئەنجومەنی پاراستن وچاکردنی ژینگە :

**یەکـەم:** ئەنجومەن لەمانەی خوارەوە پێك دێت:

١) وەزیر – سەرۆك .

٢) بریکاری وەزارەت – جێگری سەرۆك .

٣) بەڕێوەبەرە گشتی یەکان – ئەندام.

٤) نوێنەرێك بەپلەی بەڕێوەبەری گشتی بە هەریەك لەم وەزارەتانەی خوارەوە:

١) وەزارەتی شارەوانی.

٢) وەزارەتی فێرکردنی بالاو توێژینەوەی زانستی

٣) وەزارەتی پلاندانان.

٤) وەزارەتی دەرامەتەکانی ئاو .

٥) وەزارەتی ناوخۆ .

ئـــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

٦) وەزارەتی كشتوكاڵ .
٧) وەزارەتی تەندروستی .
٨) وەزارەتی پیشەسازی .
٩) وەزارەتی سامانی سروشتی .
١٠) وەزارەتی گەشتو گوزار .
١١) وەزارەتی كارەبا .
١٢) وەزارەتی بازرگانی.
١٣) وەزارەتی گواستنەوە.

٥) ئەندامێكیش لە خاوەن ئەزموون وپسپۆران لە پاراستنی ژینگە،وەزیر دایدەنێ وبۆی هەیە شارەزای تر بەشدار پێ بكات بەپێی پێویست.
٦) نوێنەری وەزارەتی پەیوەندیدارەكانی تر لەكاتی پێویست دا.

**ماددەی پێنجەم :**

**یەكەم:** لەهەر پارێزگایەك ، ئەنجومەنێك دادەمەزرێ ، پێی دەڵێن ( ئەنجومەنی پاراستن وچاكردنی ژینگەی پارێزگا) . پارێزگار یان نوێنەرەكەی سەرۆكایەتی دەكا و پەیوەست دەبێت بە ئەنجومەن .

**دووەم:** ئەنجومەن هەڵدەسێت بە پێكهێنانی ئەنجومەنی پارێزگا، لە لایەنە پەیوەندی دارەكان بە پاراستن و چاككردنی ژینگە، لە پارێزگادا و بەپێی رێنمایی كە ئەنجومەن دەری دەكا.

**ماددەی شەشەم :**

**یەكەم:** ئەرك و فرمان وئیش وتایبەتییەكان و پێكهاتەكانی وەزارەت بە پێڕۆ دیار دەكرێت.

**دووەم:** وەزیر بۆی هەیە، بەرێوەبەرایەتی یان بەش یان هۆبە بەپێی پێویستی وەزارەت بكاتەوە یان یەكیان بخات یان ئیلغایان بكات.

**ماددەی حەفتەم:**

وەزیر بۆی هەیە،رێنمایی پێویست بۆ ئاسانكاری جێبەجێكردنی حوكمەكانی ئەم یاسایە دەر بكات.

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كوردستان
www.mojkurdistan.com

**ماددەی هەشتەم :**

هەر دەقێك لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا نەگونجێ ، کاری پێ ناکرێت.

**ماددەی نۆیەم:**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران ولایەنە پەیوەندی دارە کان ، حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکەن.

**ماددەی دەیەم:**

ئـەم یاسـایە لـە رۆژی دەرچـوونیەوەکاری پێـدەکرێت لـە رۆژنامـەی رەسمـی(وەقـایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**مەسعود بـارزانی**
**سـەرۆکی هەرێمی کوردسـتـان - عێـراق**

لە رۆژی ( ١٩ /٢٠٠٦/١٠)ی زایینی لە هەولێر دەرچووە
بەرامبەر ٢٧ /رەزبەر/٢٧٠٦ ی کوردی